The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ڕونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی چاکەوە بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی .

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارەی 329 ی لە بەشێکی لاپەرەی یەکەمی کە لەبەرواری 6/6 /2007 دەرچووە ، کۆمەڵێک دیدو بۆچونی جیاجیای وەرگرتووە سەبارەت بە بە داخوازیکردنی سزای لەسێدارەدان بەرامبەر عەلی حەسەن مەجید لە شاری هە لە بجە , لەنێویاندا ئاماژە بە هەڵوێستی چاک کراوە لێرەدا ئیمە دوبارە هەلویستی ناوەندی چاک رادەگەیەنینەوە :
ئێمە زیاتر لەیەک مانگە بە شێوەی بەیانامە ، کەمپینی تۆڵەی ئەنفال کە زیاتر لەیەک هەزار کەس لەرۆشنبیرو هاوڵاتی کورد و ناوە ند لە کوردستان و هەندەران ئیمزا یان کردوە ، بە کۆرو سیمنار ، داوامان کردووە ,وە ئێستاش ئەندامانی چاک لەگەل چەند ڕیکخراوێکدا لەهەلەبجەدا دەستیان بە کەمینێک کردوە لەم بارەوە , کە پێویستە هەر بریارەک لە دادگا دەردەچێت لەسەر سەرجەم تاوانبارانی ئەنفالدا, لە شوێنی تاوانەکانیان جێ بەجێ بکرێت .
راستە داخوازی سەرەکی ئێمە ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید و داوای لێبوردن کردنی دەولەتی عیراقە لە خەلکی کوردستان ، بەلام جێ بەجێ کردنی هەر سزایەک بەسەر جەلادانی کورد ، لەو ناوچانەی کە تاوانی کۆمەلکوژییان دەرهەق بەخەلکی کوردستان ئەنجام داوە بە سەرکەوتنێکی سیاسی و دلّخۆش کردنی بنەمالەی قوربانیان و سەرجەم خەلکی کوردستان دەزانین ، بۆیە ئەو هەلوێستەی بەناوی ئێمەوە ڕاگەیەندراوە بەهیچ شێوەیەک بیرو بۆچونی فە رمی چاک نییە ، بۆ زیاتر ئاشنابونیش سەبارەت بەم مەسەلەیە سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن :

http://kurdistannet.info/2007/kampin-kimyawi/kampin-ali-kimyawi.htm
http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=iraq&article=5250
http://www.dengekan.com/doc/2007/5/chak11.pdf

ئەوەی جێگای نیگەرانی ئێمەیە لە بەرامبەر ڕۆژنامەی هاولاتیدا، کە ئەوەندەی پرسیارمان کردبێت ، هیچ کەسێ بەناوی چاک هەلوێستی لەو شێوەی دەرنەبڕیوە ، بۆیە هیواداریین ڕۆژنامەی هاولاتی زانیاریمان لەم بارەوە پێ رابگەیەنێت . چونکە هەلوێستێکی بەم شێوە یە کە دژ بە بۆچونەکانی چاکە و بلاو کردنەوەی بەناوی ئێمە وە بە دیاردەکی ناشیرن دەبینین لەبواری ڕاگەیاندندا .
لەگەل ڕێزماندا

راگەیاندنی چاک
20070606